# تیمبلیتی پرسیارەکانی ڕستەسازی تیوری

پ١/ (( ژنی پیر )) و ((( پیرەژن )) چۆن بەراورد دەکەیت ؟ کامەیان گونجاوترە ؟

پ٢/ بکەر( دیارخەر )+بەرکار( دیارخەر )( ج.لکاو )+کار+ تەواوکەر ( ڕستە بۆ ئەم ڕۆنانە بهێنەوە )

پ٣/ درۆیە گەر وتویانە بەهار بەبێ گوڵ نایە ( لارستەکە دەربکە و ئەرکەکەی دەستنیشان بکە ))

پ٤/ بیستم ،نەسرین وتی "بەیانی دەڕۆم" .( بەرکار دەربکە )

پ٥/ دەڕۆیشتمەوە ، رایان ناگرمەوە . ( مۆرف بەرامبەر مۆرفیم بکە )

پ٦/ ئەم رستە لێکدراوانەی خوارەوە بە پێی واتای ئامرازە لێکدەرەکان بگەڕێنەوە بۆ پۆلەکانیان ، ئامرازە لێکدەرەکانیش دەربکە

١ـ پالەوان مێژوو دروست ناکات بەڵکو مێژوو پالەوان دروست دەکات. ٢ـ یان کوردستان یان نەمان . ٣ـ نە پێلاوی تەنگ نە ماڵی بەجەنگ.

٤ـ نەك نایناسم بەڵکو ناویشیم نەبیستووە.

پ٧/ شیلانی هاورێم نامەکەی بۆ ناردم.( بە پێی ڕێگەی هێلکاری درەختی و دارشتنەوەی یاساکان بنوێنە ؟ )

پ٨/ جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەریی چین؟ بیان ژمێرە و باسی یەکێکیان بکە بە نموونەوە؟

پ٩/ لەم ڕستانەی خوارەوە، لارستە( رستەی شوێنکەوتووخواز ) دەربکەو جۆرەکانیان بخەرەڕوو ؟

١ـ ئەو قسەو فکرانەی، پیاوە هەژارەکە هەیبوو خاڵی نەبوو لە فەلسەفە. ٢ـ کە ماڵت لەشووشە بوو، ماڵی خەلکی بەردباران مەکە

٣ـ ئاشکرایە، کە گەلی کورد بۆسەربەخۆیی هەوڵ دەدات. ٤ـ هەستی بەنیگەرانی کرد، کاتێ هەواڵەکەی پێگەیشت.

پ١٠/ مۆرفی بەتاڵ و مۆرفی سفر. ( نموونە بۆ هەریەکەیان بهێنەوە )

پ١١/ منداڵەکە بەگریانەوە خەوت. ( جۆرەکانی مۆرفیم دەستنیشان بکە )

پ١٢/ هەر خۆمم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم .( ئەم دوو "م" ە چین و ئەرکیان چییە )

پ١٣/ بولبولم ئەنالم شەو بەتەنیایی . ( بکەر دەربکە )

پ١٤ـ لەزمانی کوردی ( ەکە ) نووسەکە، کەچی ( ێك ) بەنووسەك دانانرێت؟

پ١٥ـ هەندێك جار تاکە وشە بەفرەیز دادەنرێ و هەندێ کات نابێت بەفرەیز؟

پ١٦ـ پەسندنەکردنی پۆلکردنی واتایی لەلارستەکانی رستەی ئالۆزدا؟

پ١٧ـ ئەوکۆمەڵە پێشگرانەی ناوی بکەری دروست دەکەن چین؟ نموونەیان بۆبهێنەوە؟

پ١٨/ لەوەرزی بەهاران گوڵ دەردێت ( بە پێی ڕێگەی کەوانە ناونراوەکان( Bracket ) و دارشتنەوەی یاساکان بنوێنە ؟ )

پ١٩/ دلنیام رۆیشتووە . ( جۆر و ئەرکی رستەکە دیاربکە )

پ٢٠/ شەوانە لەزیکری تۆدا رۆژ دەکەمەوە. ( بەهێلکاری درەختی بینوێنە )

پ٢١/ دوێنێ هیچ نەبوو.( هیچ : چیە؟ چ ئەرکیك دەبینی )

پ٢٢/ تەنیا گوڵێك بوو هیوا و مەبەستم

بەڵام بەبێ هۆ دەرچوو لە دەستم ( بکەر دەربکە لەگەڵ دیارخەرەکانی )

پ٢٣/ من لە بێ دەنگی تو ڕاهاتووم کەچی حەزم لە رەمەزانی قسەنەکردنیش نیە.( شیکردنەوەی سینتاکسی بۆ بکە )

پ٢٤/ من پرچی ئەو کچە رەشماڵی کویستان و گەرمیانە . ( بکەر دیاربکە )

پ٢٥/ ( بردنەوە ) و ( بردمەوە ) ( جیاوازی نیوان ئەم دوو پیکهاتەیە چیە؟ )

پ٢٦/ ئەوەی گیان دەدات گیانیش دەبات. ( جۆر و ئەرکی رستەکە دیاربکە )

پ٢٧/ لەنێو تارماییەکەدا هاوارم دەکرد .( بەریگەی کەوانە ناونراوەکان Bracket بینوینە )

پ٢٨/ پێشتر نوێژم دەکرد، ئەگەر بگۆڕین بە ئێستا نوێژدەکەم .( لەرووی سینتاکس و لۆجیکەوە چ گۆڕانکاریکەك روودەدات )

پ٢٩/ ئەو کەرەستانەی کەرۆڵ لەچالاکی کردارەکان دەبینن چین ؟ بەکورتی و بە نموونە دەربارەی ئەمە بدوێ؟ ( ١٥ نمرە )

پ٣٠/ پێکهاتەکانی رستەی ئالۆز چین ؟ ئەو ئەرکانەی کە رستەی ئالۆز دەیانبینێت چین ؟دەربارەی ئەمانە بدوێ ( ١٥ نمرە )

پ٣١/ بە نموونەوە جیاوازی نیوان ئەمانەی خوارەوە بخەرە ڕوو؟

١ـ ریزبوونی ئازاد و ریزبوونی چەسپاو؟ ٢ـ تەواوکەر و سەربار؟

پ٣٢/ بە رستەیەکی تەواو نموونە بۆ ئەمانەی خوارەوە بهێنەوە؟

١ـ گ ن( دیارخەر+دیارخەر+دیارخراو )+ گ ك ( تەواوکەر +بوون ). ٢ـ ڕاناوی کەسی دووەمی کۆی سەربەخۆ ببێت بە تەواوکەری کاری بوون.

٣ـ بکەر( دیارخەر+دیارخراو ) +بەرکار( دیارخراو+ی+ دیارخەر+ کار. ٤ـ ڕاناوی کەسی( ئیمە )ڕۆلی دیارخەری بەرکاری رستە ببینێ.

پ٣٣/ بە نموونە ئەمانەی خوارەوە ڕونبکەرەوە ؟

١ـ جوولەی ڕاناوی لکاو لە کاری ڕانەبردووی بەردەوامی سادە و دارێژراودا. ٢ـ قالبەکانی ڕستەی بنجی لە زمانی کوردیدا.

پ٣٤/ لەبارەی پێکهاتەی سینتاکسییەوە جیاوازی نیوان ئەم دوو ڕستەیە بخەرە ڕوو؟

١ـ باوکم خانووەکەی فرۆشت. ٢ـ خانووەکە باوکم فرۆشتی ؟

پ٣٥/ لە چاوگی ( خزین ) دا دیاردەی مۆرفۆسینتاکسی بۆ هەر دوو کاتی ڕابوردو و ڕانەبوردو دروستبکە؟

پ٣٦/ کە دەگەم بە لیسا A,B,C,D م لەبیردەچێ ( بەرکار دەربکە )

پ٣٧/ سیما سوراوەکەی بردم .( ڕیزکردنەکەی لەئاساییەوە بگۆرە بۆ ڕیزکردنیکی چەسپاو )

پ٣٨/ وتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت ئەما

لە کورتیدا وادیارە تەمەن بەو دیدارە ڕاناگا ( کەرەستە ناسەرەکییەکان دیاربکە )

پ٣٩/ لەسەرچیای بەرز بەفر زۆر دەبارێت.( بکەر دیاربکە )

پ٤٠/ سەرم لەکاری خوا سورما . ( بەهیلکاری درەختی بینوینە )

پ٤١/ کورەکەم هینایە گریان / کورەکەم بەگریان هینا ( جیاوازی نیوان ئەم دوو ڕستەیە چیە؟ )

پ٤٢/ من بەتۆم وت تۆش بە ئەو. ( جۆر و ئەرکی رستەکە دیاربکە )

پ٤٣/ خاتوون ئەم کارە وا نابیت.( وا چیە؟ چ رۆڵ و ئەرکیك دەبینی )

پ٤٤/ بکەر( جیناوی سەربەخۆ ) +بەرکار( ج. سەربەخۆ + نیشانەی بکەر) + سەربار + کاری داریژراو.( نموونە بۆئەم رۆنانە بهینەوە )

پ٤٥/ کەتیگۆری کار چیە؟ ئەمە چۆن دەخەیتەروو؟ بەکورتی و بە نموونە دەربارەی ئەمە بدوێ؟

پ٤٦/ ڕستەی لیکدراو چۆن پۆل دەکرێت ؟ بیانژمێرە و بۆ هەر پۆلکردنیك یەکیکیان بە نمونەوە باس بکە؟

پ٤٧/ لە چاوگی ( پاك و خاوین ) دا هەر پینج جۆرە فرەیزەکەی لی دروستبکە و لەناو رستە بەکاری بینە؟

پ٤٨ / تاکە وشە چۆن دەوری فرەیز دەبینی؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە؟

پ٤٩/ کچە بالا بەرز و چاورەشەکەی خۆمان هات . وەلامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە؟

١ـ هەردوو پەیوەندی سینتاگماتیکی و پرادیگماتیکی. ٢ـ شوینگۆرکی و شوینگرتنەوەی فرەیزەکان

٣ـ کەرەستە سەرەکی و ناسەرەکییەکان دەربکە؟ لەگەل دیاریکردنی ناو و ئەرکی هەریەکیکیان. ٤ـ قالبە سینتاکسیەکەی بخەرە ڕو.

پ٥٠/لە زمانی کوردیدا چۆن کەرەستەکان ڕیزدەکەین ؟ بە وردی و بە نموونە بیخەرە ڕو؟

پ٥١/ چۆن ڕستە بەرهەم دیت ؟ پیکهات و رۆنانی رستە چیە؟ بە نموونە بیخەرە ڕو؟ ( ٤ نمرە )

پ٥٢/ڕستەی گونجاو بۆ هەریەك لەم رۆنانانەی خوارەوە بهێنەوە؟

١ـ بکەر( دیارخەر+دیارخراو )+بەرکار+ کار+ تەواوکەر . ٢ـ بکەر( دیارخراو+دیارخەر )+کار+ تەواوکەر

پ٥٣/ لەم گوتنانەی خوارەوەدا سەرەی فرەیزەکان دەست نیشان بکە لەگەل دیارخەرەکانیان؟

١ـ خۆم بە خۆمم کرد بەرد بارانم کەن ٢ ـ تەنیا هەر ئەو خالە گرنگە. ٣ ـ کام رەشی ئەگا بەڕەشی چاوی.

پ٥٤/ ـ چه پكێك گوڵم بۆ بێنه. ـ چه پكه گوڵێكم بۆ بێنه. ( لەهەردوو فرەیزی ( چه پكێك گوڵ و چه پكه گوڵێك ) شوێنی (ێك ) جێگۆركێی كردووه، ئایا ئەمه دیاردەیەكی سینتاكسییه؟ ئایا كام لەم فرەیزانه ڕێزمانی ترن؟ بۆچی؟ رونی بكەرەوه؟ )

پ٥٥جیاوازی نێوان سەربار ( Adjuncts ) و بەركار بكه؟ به نموونەوه؟

پ٥٦/ كاری تەواو و كاری بەستنەوه چین؟ پەیوەندی نیوانیان بخەره رو؟

پ٥٧/ دوینێ هیچ نەبوو.( هیچ : چییه؟ چ ئەركیك دەبینی )

پ٥٨/ تەنیا گوڵێك بوو هیوا و مەبەستم بەڵام بەبێ هۆ دەرچوو له دەستم . ( بكەر دەربكه لەگەڵ دیارخەرەكانی )

پ٥٩/ من له بێ دەنگی تو ڕاهاتووم كەچی حەزم لەڕەمەزانی قسەنەكردنیش نییه.( كەرەستەی سەرەكی و ناسەرەكه دەربكه )

پ٦٠ / من پرچی ئەو كچه ڕەشماڵی كویستان و گەرمیانه . (بكەر دیاربكه )

پ٦١/ ( بردنەوه ) و ( بردمەوه ). ( جیاوازی نیوان ئەم دوو پیكهاتەیه چییه؟ )

پ٦٢/ ئەوەی گیان دەدات گیانیش دەبات. ( جۆر و ئەركی ڕستەكه دیاربكه )

پ٦٣/ پیشتر نویژم دەكرد، ئەگەر بگۆرین به ئیستا نویژدەكەم .( لەڕوی سینتاكسەوه چ گۆرانكارییەك ڕوودەدات )

پ٦٤/ منداڵەكه بەگریانەوه خەوت. ( جۆرەكانی مۆرفیم دەستنیشان بكه )

پ٦٥/ هەر خۆمم سەركردەتان بۆ لەشكری غەم .( ئەم دوو "م" ە چین و ئەركیان چییه )

پ٦٦/ بولبولم ئەنالم شەو بەتەنیایی. ( قالبی سینتاكسی ئەم ڕستەیه بنوسه )

پ٦٧/ هالیدای و كۆك لەڕوی واتاوه چەند پۆلینێك بۆ كار دەكەن ؟چۆن؟

پ٦٨/ هەندێك جار تاكه وشه بەفرەیز دادەنرێ و هەندێ كات نابێت بەفرەیز؟

پ٦٩/ بەشەكانی ڕستەی ئالۆزچین به نمونەوه ڕونی بكەوه؟

پ٧٠/ رووكار"Mood" چییه؟جۆر و شێوەكانی چین؟ نموونەیان بۆبهێنەوه؟

پ٧١/ بەكورتی و به نموونه جیاوازی نیوان بەركار و تەواوكەری گوزارەیی بكه؟

پ٧٢/ لەم ڕستانەی خوارەوه، هێل به ژێرچەند دیارخراوێك داهاتووه ، چەند دیارخەریان وەرگرتووه دیاریان بكه ؟

١ـ قسه هەزاره، دووانی بەكاره . ٢ـ ئەو منداڵەی ، كه لەتەنیشت تۆوه دانیشتووه برامه. ٣ـ ئێمه ئەو كورەمان نارد بۆ هەولێر، كه لەهەمووەمان شارەزاتربوو، گەلێ جاریش هەولێری دیبوو. ٤ـ هیچ كەس نەوێرا لێیان بپرسێ بۆ خەلك دەكوژن.

پ٧٣ / بكەر( دیارخەر )+بەركار( دیارخەر )( ج.لكاو )+كار+ تەواوكەر. ( ڕسته بۆ ئەم ڕۆنانه بهێنەوه )

پ٧٤/ وتی سەبرت هەبێ دووباره دێمه دیتنت ئەما له كورتیدا وادیاره تەمەن بەو دیداره ڕاناگا. ( كەرەسته ناسەرەكییەكان دیاربكه )

پ٧٥/ لەسەرچیای بەرز بەفر زۆر دەبارێت.( بكەر دیاربكه )

پ٧٦/ ئەم ڕستانەی خوارەوه به پێی واتای ئامرازه لێكدەرەكان بگەرێنەوه بۆ پۆلەكانیان، ئامرازه لێكدەرەكانیش دەربكه؟

١ـ پاڵەوان مێژوو دروست ناكات، بەڵكو مێژوو پاڵەوان دروست دەكات. ٢ـ یان كوردستان یان نەمان .

٣ـ نه پێڵاوی تەنگ نه ماڵی بەجەنگ. ٤ـ نەك نایناسم بەڵكو ناویشیم نەبیستووه.

پ٧٧/ شیلانی هاورێم نامەكەی بۆ ناردم.( به پێی ڕێگەی هێلكاری درەختی ودارشتنەوەی یاساكان بنوێنه ؟ )

پ٧٨/ كەتیگۆری كار چییه؟ ئەمه چۆن دەخەیتەڕو؟ بەكورتی و به نمونه دەربارەی ئەمه بدوێ؟

پ٧٩/ تەنیا هۆكارەكەی بخەرەڕوو؟

١ـ كار چاوگێكی گەردان كراوه؟ ٢ـ ڕاناوه كەسییه سەربەخۆكان ناتوانن ڕۆڵی ناوەكان ببینن؟ ٣ـ ڕەگی كار پێویستیەكی سەرەكی دروست بونی ڕستەیه؟ ٤ـ بەشێك لەئاوەڵناوەكان دەتوانن بین به ناو و ئاوەڵكار ؟ ٥ـ " لێره ، لەوێ" ئاوەلكاری شوێنین ؟

پ٨٠/ بكەر لەم ڕستانەی خوارەوه دەربكه؟

١ـ ئەو قسەو فیكرانه، كه كورده دەشتەكیەكه كردونی، خاڵی نەبون له فەلسەفه.

٢ـ چاوەکانی کابایز راهاتبون لە تەماشاکردنی ئەم دیمەنانە.

پ٨١/بەشەکانی ئاخاوتن لەم پێکهاتانەی خوارەوە دەربکە؟ جۆرەکەشی دیاربکە؟

ـ لەناکەس کاریا خاکم بەسەر رۆیی بە با عومرم

خودا سا بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم " مەحوی"

ـ کەشەیتان تاقی میحرابی برۆی تۆی دی گوتی یارەب

لە سوجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بۆچی باداوە " حاجی قادر کۆی"

پ٨٢/ لە ( فرین ) دا ، وەڵامی داواکاری ئەمانەی خوارەوە بدەوە؟

١ـ هەموو ئەرکەکانی ناوی پێبدە؟ ٢ـ سیما جیاکەرەوەکانی چین کە لەبەشەکانی تری ئاخاوتنی جیادەکاتەوە؟ ٣ـ لە ڕوی پێکهاتەوە چۆن لێکی دەدەیتەوە؟

پ٨٣/ تەنیا هۆکارەکەی بخەرە ڕو؟

١ـ ( جوان ) ئاوەلناوە .

٢ـ ڕاناو گشتی یە و ناوە تایبەتیەکانی پێ ناناسرێتەوە.

٣ـ /ەکە/ و /ێك/ جگە لەناوەکان دەچێتە سەر ڕاناوەکانیش.

پ٨٤/ لەم دێرە شعرەی خوارەوەدا ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن بدە؟

ـ لە کێ خەبەر پرسی بکەم یارەب من

کە هەر کەس بۆ خەبەر چوو بێ خەبەر کەوت

پ٨٥ / ( ٥ ) نمونە بهێنەوە ، کە ( ٥ ) نوسەك و ( ٥ ) گیرەکی جیاوازی تێدابێ؟

پ/٨٦ چۆن ڕەگ لە مۆرفۆلۆجیدا دەناسرێتەوە؟ بە نمونە وەڵامەکەت بخە ڕو؟

پ٨٧/ گیرەکی وشەداڕێژ چیە؟ تایبە تمەندییەکانی چین؟ باسیان بکە؟

پ٨٨/ بە نمونەوە جیاوازی لە نێوان مۆرف و مۆرفیم بکە ؟

پ٨٩ نیشانەی ڕاست یان چەوت بەرامبەر بە مانەی خوارەوە دابنێ و هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە؟

١ـ ڕستەسازی زانستێکە لەهەریەك لە لایەنەکانی ئەرکی و پێکهاتەیی و ناوەرۆکی ڕستەکان دەکۆڵێتەوە.

٢ـ ناو هەریەك لە پاشگرەکانی "ەکە " و" ێك" و "تر" و "ترین" وەردەگرێ.

٣ـ ڕاناو ناتوانێت وەکو ناو ڕۆڵ ببینێ.

٤ـ هەموو ئاوەلناوە دەسکردەکان وشەی سادەن و وەسفی ناوێك یان ڕاناوێك دەکەن.

٥ـ مۆرفیمەکانی کات لە زمانی کوردیا بریتین لە "ا ، و ، ی ، د، ت" .

پ٩٠/ " کورەکە شەری خۆرایی دەکات " ئەو بەشە ئاخاوتنە دیاربکە، کە کردەی ڕودانەکە روندەکاتەوە؟ ئاماژە بە جۆرەکەشی بدە؟

پ٩١/ یەکێك لە پێویستیە سەرەکییەکانی ڕستە ڕاناوە لکاوەکانن؟چۆن؟ بە نمونە وەلامەکەت بخەرە ڕوو؟

٤ـڕاناوی نادیاری " هیچ" لە بەکارهێناندا چ جیاوازیەکی هەیە ،کە لە پۆلەکەی خۆی جیای دەکاتەوە؟

پ٩٢/ ئاستی وشەسازی تێکەڵ بە ئاستی ڕستەسازی دەبێت؟ چۆن لەیەکتریان جیادەکەیتەوە؟ لەچ خالێکیش دا هاوبەشن؟

پ٩٣ / " بیروباوەر" ناوێکی دەرجەستە؟ بۆچی؟ نمونە بۆ وەڵامەکەت بهێنەوە؟

پ٩٤/ ئاوەڵناوێك کە ڕۆلی دیارخەری بینی بێت لەناو ڕستەدا؟ ( نمونەی بۆ بهێنەوە )

پ٩٥/ بکەر( ج.سەربەخۆ)+بەرکار( ج.سەربەخۆ)+تەواوکەری بەیاریدە+ کاری ڕابوردوو.( نمونەی ڕستە بۆ ئەم ڕۆنانە بهێنەوە )

پ٩٦/ ڕستەیەك بهێنەوە کە پارستەکەی ئەرکی بکەری بینیبێت؟

پ٩٧/هەریەك لە ئەرکە سینتاکسییەکانی "بکەرو بەرکارو تەواوکەر و کار" لەم پێکهاتانەی خوارەوە دەربکە؟

ـ کام ڕەشی دەگا بەڕەشی چاوی برژانگی برۆی ئەگریجەی خاوی " گۆران"

ماموستای بابەت/ بیان ملا حمدامین